**پەرلەمانی فەڕەنسا و جینۆسایدی باشوور، چیمان پێ دەڵێت؟...!**

هەڵۆ بەرزنجەیی 28.11.2021

سەروەختێ شەمەندەفەری تورکی بەرەو ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپادا کەوتبووە ڕێ، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا لەباشترین دۆخیدا بوو.لەو سات و کاتەدا ڕۆژنامەنووسێکی دیاری فەرەنسی، داوەتنامەیەکی لە سەفارەتی وڵاتەکەیەوە لە ئەنقەرە پێ دەگات،بێتە تورکیا بۆ باسکردنی ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵە و بایەخ و گرنگییەکانی... بەخۆشی و سەرکەوتنەوە وەرن، بەڵام ئەم تێبینییە لەبەرچاو بگرە :هەردوو وشەی (کوردستان و ئەرمەن) نابێت بێتە سەر زمانت...!

هەقیقەت ئەوەیە و ئێمە هێشتا ئاگادارین لەوەی بەسەدان ڕۆژنامەنووس و سیاسی ئەوروپایی هەن، سۆزیشیان بۆ کێشەی کورد هەیە!، لێ لەبەر سیاسەتی فەرمی وڵاتەکەیان کە بەرژەوەندی ئابووری نەخشی بۆ دەکێشێ !بەئاشکرا دەری نابڕن و هەر وەک بەشێک لە کێشەی ناوخۆی تورک و فارس و عەرەب تەماشای دەکەن و بە خەسڵەتی تورکی و ئێرانی و عێراقی و سووریایی دەیدەنە قەڵەم.

شایانی پێدا هەڵدانە ، ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی فەڕەنسا لە ڕۆژی 26.11.2021 بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژی کورد و سوتماککردنی کوردستان لەسەر دەستی دەوڵەتی عێراق دا، نموونەیەکی بێهاوتا و وەرچەرخانێکی گرنگی مێژووییە لەم ڕۆژگارەدا...

فەڕەنسا بە درێژایی مێژوو وڵاتێکی گەورە و خاوەن کاریگەرێتی لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهاندا هەیە. لەسەر شانۆی سیاسیش ڕۆڵێکی دیار و تا ڕادەیەک بە قازانجی چارەسەرکردنی کێشە زەقەکانی جیهان دەگێڕێ. دیارە حکومەت بۆ حکومەت سیاسەتیان پێ دشگۆڕێ. لە ئێستای حکومەتەکەی ( ئیمانۆێل ماکرۆن) دا فەڕەنسا باش کراوەتەوە بەڕووی کێشەکان و چالاکە بۆ چارەسەر کردنیان... پشتیوانی لە کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان دەکەن و بۆتە دەروازەیەکی باش بۆ کورد، دەنگ و ڕەنگی خۆی بگەیەنێتە دەرەوە. ئەم جموجوڵەی فەڕەنسا بەخۆڕایی نییە، وەک هەر لایەنێک بەدوای دەستکەوتی خۆوەیەتی، بۆیە گومانی تێدا نییە کۆمەڵێ بەرژەوەندی خۆیشی تێوە ئاڵاندووە. لەڕووی بەرژەوەندی خۆیەوە بێت، یاخود ڕەنگدانەوەی پرنسیپ و باوەڕی فەڕەنسا، هەردووکی دەرەتانێکی بۆ کورد سازداوە، ئەویش بێتە نێو یارییەکەوە و بلێزێ. ئێمە دەمانەوێ بە باشترین شێوە بلێزێ و دەستکەوت بەدەست بێنێ و براوە بێت.. زەمینەی سەرکەوتنەکانیش لەبەر دەستدا ، دەمێنێتەوە زرنگی و پیتۆڵی کورد..

ڕاستە پرۆژەکە دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا، لە 24 دەنگ توانی 9 بەدەست بهێنێ... لێ وا پێدەچێ جارێ وەک تاقیکردنەوەیەک هەنگاوی بۆ نرا بێت و چاوەڕێی پەرچەکرداری ئەوانی ترن ، لە دوژمن و نەیار و دۆستانی کورد و ئەم پرسە بکەن!... بە پێی ئاگاداریتەکان ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنەکانیش بەچەند ویستگەیەکدا تێپەڕی..

دڵتەزێنترین و ئازاراویترین دیوی ئەم باسە بریتییە لەوەی : ئاخر چۆن سەدەیەکە ئێمە لەبەردەم دڕندانەترین و نامرۆڤانەترین سیاسەتی کۆلۆنیالیستی سیاسی و سەربازی و ئابووری و فەرهەنگی داگیرکەراندایین... بۆمبارانکردنی هەڵەبجە و قەڵادزێ، تەختکردنی زیاتر لە 5 هەزار گوند و ڕاگوێزان و بەعەرەبکردن، بێ سەروشوێنکردنی بارزانییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کوشتار و کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی شەنگال و خورماتوو، جارێکی تریش بەعەرەبکردنی کەرکووک و خانەقین و گەلێ ناوچەی تر ئێمە خاوەنی ئەم هەموو کەیس و ئارگومێنتانەین، کەچی هێشتا وەک پێویست ناتوانین ڕای گشتی جیهانی بەدەست بهێنین... دۆست و لایەنگر بۆ کوێرەوەییەکەمان پەیدا بکەین ..!ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتێک قەناعەت پێ بهێنین.

ئێمە ئەوش تێدەگەین جۆرەها کەناڵی بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتابە پێکەوە دەبەستێتەوە و تەنانەت ئەندام پەرلەمەنتارەکانیش بەدوور نین لە بەرژەوەندیخوازی خۆیان! ..لێرەدا دەبێت قورسایی 500 ملیۆن عارەبێک و نزیژەی دوو دەرزەن دەوڵەتی عارەبی لەبیر خۆمان نەبەینەوە) .تورکیا و ئێران ( یش,هەرچییان بۆ کرا بێت پێ بکرێ دژ دەوستنەوە ..

هەڵبەت ئەم ڕاستیانە لەو هەقیقەتە کەم ناکەنەوە، پرۆژەکە چانسی لەبەردەم دا ماوە، چونکە بووە دۆسییەکی کراوە و بە دڵنیاییەوە هەلومەرجی بۆ برەخسێ دێتەوە ئاراوە و ئەگەریش زۆرە لە زۆر وڵاتی دیکەی ئەوروپایی هەمان شت ڕوبدات ..بە دەربرینێکی تر پێویستە کورد ئەو زەمینەیە دەستبەر بکات لە وڵاتانی تریش هەمان هەوڵ و هەنگاو دووبارە بێتەوە.

بەریتانیا، سوید، هۆلەندا، نەرویج، ئەڵمانیا، دانیمارک و ئەمەریکا.. هتد وڵاتگەلێکن دەرەتانی ئەوە هەیە ئەم کەیسەیان تێدا بجولێندرێ و بخرێتە ئەجێندای کارەکانیانەوە. میکانیزمی سەرخستنی ئەم پرۆژەیەش بە پلەی یەکەم لەسەر پاڵپشتی تەواوی حکومەت و کاراکردنی کۆمیتەیەکی شارەزایە، بۆ هەڵسوڕان و سەرخستنی .
بەڵێ کورد بە « دەسەڵات، حیزب، کەسایەتی یاساناس و مێژوونووس و لێکۆڵەران و دیبلۆماسی و ئابووری و بازرگانان و نووسەر و ڕۆشنبیران و ڕەوەندەکە «دەبێت لە پشت ئەم کارەوە بێت و هاوکاری بکەن .!
ئایا چەند دەتوانن بە هەمووان وزە ببەخشنە ئەم کەیس و هەنگاوە!، چەند لە ڕووی یاساییەوە تۆکمە و بەهێزی دەکەن! و دەتوانن ڕەزامەندی ناوەندەکانی بڕیاردانی بۆ بەدەست بهێنن!، ئەوە هەلومەرجی جیهانیش ڕۆڵی خۆی دەبێت.

لەسەرێکی ترەوە، بە جنۆساید ناساندنی کوشتاری کورد لەدەستی عێراق دا، دەکرێ زرنگانە سەرەداوەکەی بگێڕدرێتەوە بۆ پەیمانە شوومەکەی (سایکس - پیکۆ) و بێبەشکردنی کورد لە ماددەکانی پەیمانی (سیڤەر ) و جارێکی تر کەوڵکردنەوەی کوردستان بەپێی پەیمانی (لۆزان) و ئەو هەموو تاوانانە ماکەکەی ئەو بڕیار و نەخشە نامرۆڤانەیە کە(ئینگلیز و فەرەنسا) خەتوخاڵیان بۆ کێشاوە...

بۆیەکا ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە جیهانییە بەرپرسن لەبەردەم ئەم چارەنووسە تراژیدیاییەی بەسەر کورد و کوردستاندا هاتووە . ئەوەی جێی بایەخ و ئاماژە پێدانە هێشتا لەم ڕۆژگارەشدا ئەم میکانیزمی کوشتن و برین و لەسێدارە دان و ڕاگوێزان و ئەنفالکردنە لە ئارادان و چالاکن و دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بە پشتیوانگ نێودەوڵەتی بە چەکی مۆدێرن، کوردستان سوتماک دەکەن و دەستبەری سیاسەتی زەبروزەنگ و ئاگروئاسن بارین نابن.لە وتارێکی پێشوماندا بەدرێژی باسمان لەمە کردووە و لینکەکەی بریتییە لە

https://www.emrro.com/rasizimleperawezik.htm

ئا لەم دیدەوەیە، هەر کەس و لایەن و دەزگایەک بیەوێ کۆتایی بەم مەرگەساتە تاڵ و خەمناکەی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان بهێنێ، ئاشتی و ئاسایشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین مەبەست بێت، پێویستە بە پەرۆشەوە کار لەسەر ئەم دۆسییە بکات و بەربەستێک بۆ تاوان و تاوانکاران دابنێن.

ئاشکرا ڕەوڕەوی مێژوو لە کار ناکەوێت و هەمیشە بەرەو پێش دەڕوا. گۆڕان و پێشهات هەمیشە چاوەڕوان کراوە، بە واتایەکی تر جیهان هەر لەم قاڵبەدا نامێنێتەوە .کورد هەرگیز دەستبەرداری مافەتە نەتەوەییەکانی خۆی نابێت، ئێستاش بێ دەسەڵات بێت و ژیان لەبەردەم چوار گورگی برسیدا بەسەر بەرێت، ئەوە چرکەساتێک هەر دێت، کوردیش بێتە خاوەنی هێز و دەسەڵاتی خۆی و پارێزگاری لە خۆی بکات.

بۆیەکا بۆ ڕێگرتن لە خوێن ڕژانی زیاتر و درێژەدان بە گرژی و ئاڵۆزی ناوچەکە و نێوان گەلانی دەوروبەردا وا باشترە، بە میکانیزمێکی ئاوەزمەندانە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە ڕاستەقینەی ناوچەکە و جیهان بدرێ. ئەرکی نەتەوە سەردەستەکانە ڕۆڵی بەرچاو لەم هاوکێشەیەدا بگێڕن و دەسەڵات و حکومەتەکانیان ناچاری دیفاکتۆکە بکەن.

Französisches Parlament




Freundschaftspins Kurdistan-Frankreich



